**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**
**ژمارە:١٠٦٢٧ لە : ٢٠١٨/٨/١٥**

## ڕێنمایی ژمارە ( ٥ )ی ساڵی ٢٠١٨

**ڕێنمایی هەمواری سێیەمی ڕێنمایی ژمارە( ٣ )ی ساڵی ( ٢٠١٥ )ی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێم بۆ ساڵی ( ٢٠١٥-٢٠١٦ )**
**ڕێنمایی هەمواری سێیەمی رینمایی ژمارە( ٤ )ی ساڵی( ٢٠١٦ )ی خوێندنی ماستەر لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێم بۆ ساڵی( ٢٠١٦-٢٠١٧ )**
**ڕێنمایی هەمواری چوارەم ڕێنمایی ژمارە( ٥ )ی ساڵی( ٢٠١٦ )ی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێم بۆ ساڵی( ٢٠١٦-٢٠١٧ )**
**ڕێنمایی هەمواری یەکەمی ڕێنمایی ژمارە( ١ )ی ساڵی( ٢٠١٦ )ی تایبەت بە پێدانی نازناوی زانستی**

لە پێناو بەرژەوەندی گشتی کاندیدان و قوتابیان و خوێندکارانی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان وخوازیارانی وەرگرتنی نازناوی زانستی و ، بەمەبەستی رەخساندنی دەرفەتی دەستپێکردن بە خوێندنی ماستەر و دکتۆرا و، وەرگرتنی نازناوی زانستی بەرەچاوکردنی پاراستنی مەرجەکانی بەرزکردنەوەی ئاستی توانستی زمانی ئینگلیزی ، بڕیاردرا بە هەمواركردنەوەی بڕگەکانی تایبەت بەمەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی کە لەو ڕێنماییانەی سەرەوە ئاماژەیان پێکراوە بەم شێوازەی لای خوارەوە :-

١- هەموو ئەو قوتابی و خوێندکار و کاندیدانەی کە یەکێك لە تاقیکردنەوە ستانداردەکانی توانستی زمانی ئینگلیزیان ئەنجام داوە کە بریتین لە (IELTS, TOEFL-IBT,TOEFL-PBT, Pearson Academic-PTE) بەڵام نمرەی پێویستیان بەپێی ڕێنماییەکان بەدەست نەهێناوە ، بەپێی ئاستەکانیان دەچنە ناو کۆرسێکی ستانداردی تایبەت بە پەرەپێدانی زمانی ئینگلیزی کە لەلایەن ڕێکخراوی (AMIDEAST)ی قازانج نەویستی نێودەوڵەتی بە هەماهەنگی سێنتەرەکانی زمانی ئینگلیزی زانکۆ حکومیەکانی کوردستان ڕێك دەخرێن .

٢- دیاریکردنی ئاستی کاندیدەکان و تاقیکردنەوەی ستانداردەکانی ئەم کۆرسانە لە لایەن ڕێکخراوی (AMIDEAST)ی قازانج نەویستی نێودەولەتی بە هەماهەنگی سێنتەرەکانی زمانی ئینگلیزی زانکۆ حکومیەکانی کوردستان ڕێك دەخرێن .

٣- پێویستە کاندیدەکان بەشداری هەموو ئەو کۆرسانە بکەن ، کە بۆیان دیاریدەکرێت و لە تاقیکردنەوەی کۆتایی تایبەت بە ئاستەکان سەرکەوتووبن ، دواتر دەتوانن دەست بە خوێندنی ئەکادیمی بکەن .

٤- ئەم کۆرسانە ئەو کاندیدانە ناگرێتەوە کە هیچ جۆرە تاقیکردنەوەیەکی ستانداردی توانستی زمانی ئینگلیزیان لە ماوەی ئەم (٢) دوو ساڵەدا ئەنجام نەداوە .

٥- پێویستە تاقیکردنەوە ستانداردەکانی زمانی ئینگلیزی ماوەی یاساییان بەسەر نەچوو‌بێت ، هەروەك لە ڕێنماییەکان هاتووە بۆ ماوەی (٢) ساڵ کاری پێدەکرێت .

٦- ئەم بڕیارە هەموو ئەو قوتابی و خوێندکارانەی ماستەر و دکتۆرا دەگرێتەوە کە لە ساڵی (٢٠١٦/٢٠١٥ و ٢٠١٧/٢٠١٦) لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان وەرگیراون .

٧- پێشکەشکاران و خوازیارانی نازناوی زانستی بە پەیڕەوکردنی هەمان ڕێچکە دەتوانن سوود لەم بڕیارە وەربگرن .

٨- قوتابیان و خوێندکارانی بەشداربوو لەم کۆرسە لە ماوەی(١) یەك ساڵدا لە دەستپێکردنی کۆرسەکانی زمانی ئینگلیزی بەپێی ئەم ڕێنماییە دەبێت ، مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی دەستەبەر بکەن و بڕوانامەی کۆتایی کۆرسەکان بە دەست بهێنن ، بە پێچەوانەوە دوای ئەم ماوەیە فەرمانی زانکۆیی (هەڵوەشاندنەوەی کاندید- الغاء الترشیح) یان لە سەرۆکایەتی زانکۆکان بۆ دەردەکرێت .

٩- ئەو کاندیدانەی بەشداری ئەم کۆرسانە ناکەن ، مەرجە لە ماوەی یاساییدا نمرەی پێویستی توانستی زمانی ئینگلیزی بەپێی ڕێنماییەکان دەستەبەر بکەن ، بە پێچەوانەوە فەرمانی زانکۆیی (هەڵوەشاندنەوەی کاندید- الغاء الترشیح) یان لە سەرۆکایەتی زانکۆکان بۆ دەردەکرێت .

١٠- ئەم ڕێنماییە لەرێکەوتی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی ( وەقایعی کوردستان ) بڵاودەکرێتەوە.

د.یـــوسف گـــۆران
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی